# بزووتنەوەی نوجەبا: بڕدەوام دەبین لە بەجێگەیاندنی ئامانجەکانمان و لەو شوێنانەوە ئەمریکا دەدەینەوە کە هەرگیز بیریان لێ نەکردبێتەوە



بزووتنەوەی نوجەبا دەڵێت، مقاومەی ئیسلامی لە کات و شوێنی گونجاودا وەڵامی ئەمریکای "داگیرکەر" دەداتەوە و ئاماژە بە ئەو دەکەن کە لە توانایاندایە بگەنە قووڵایی ئامانجەکانی.

ئەمە شەممە، بزووتنەوەی نوجەبا راگەیەندراوەکی لەبارەی هەرشەکەی نیوشەوی رابردووی هێزەکانی ئەمریکا بڵاوکردەوە کە بە سەر ژمارەیەک پێگەی گرووپە چەکدارەکانی نزیک لە ئێران لە سنووری عێراق و سووریا کردبووە ئامانج.

لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە: "هێزەکانی ئەمریکای داگیرکەر دیسان زەر بە راشکاوی و لە رۆژی رووناکدا سەروەریی عێراق و شکۆمەندییەکەی بە کردنە ئامانجی ژمارەیەک بارگا و پێگەی سەربازی،

پشتڵکرد. لە ئەنجامدا دەیان قارەمانی حەشدی شەعبی و هاووڵاتییانی سڤیلی بەتاوان شەهید بوون. هاوکات، داعش-ی دارودەستەی ئەمریکا پڵاماری هێزە ئەمنییەکانی عێراقیدا. بەم کردەوانەی، ئیدارەی خراپکاری ئەمریکا بە هەموو جیهانی سڵماند کە گەورەترین سپۆنسەری تیرۆر و تاوانکارە لە جیهان و ئەم پشتڵکارییە یەکێکە لە پشتڵکارییە گەورەکان لە دژی سەروەریی عێراق."

بزووتنەوەی نوجەبا راشیگەیاند، "ئەمە ڕایدەگەیەنین کە بەردەوام دەبین لە بەجێگەیاندنی ئامانجەکانمان و لەو شوێنانە وەک هامیان دەدەینەوە کە هەرگیز بیریان لە نەکردبێتەوە. مقاومەی ئیسلامی ئەمە لە توانایدایە بگاتە دوورترین خاڵ و قووڵایی ئامانجەکانی بپێکێت و بپشتیوانیی خوا بەسەر دوژمن زاڵ بێت. با ئەمریکای داگیرکەر و ئیدارە شوومەکەی باش بزانێت مقاومەی ئیسلامی لە کات و شوێنی گونجاو کە خۆی بیەوێت وەک هامی هەرشەکانیان دەداتەوە، ئەمەش کتایی وەستگەکە نییە، بەپێچەوانەوە سوپرایزی زۆرمان هەیە کە دوژمن خەمبار و دەست شاد دەکات.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا دەڵێت: "دەرئەنجام بە سەرشێوی لە عێراق دەردەچن. بە ئەوەی هەموو گوێیەکان گوێیان لێ بێت، دووپاتی دەکەینەوە هەرگیز لێگەڕێ ئاگربەست نین و پاشگەز نابینەوە و ناوەخێن. ئەگەر بەهەز بگەڕێنەوە، ئەمەش بەهەمان شێوە دەگەڕێنەوە."